دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان سەرکەوتنی پلانی یادکردنەوەی شەهیدبوونی ئیمامی کازم (س.خ) ڕادەگەیەنێت

دەستەی ڕاگەیاندن وپەیوەندییەکان، ئەمڕۆ سێشەممە، سەرکەوتنی پلانی یادکردنەوەی شەهیدبوونی ئیمام کازم (س.خ) ڕاگەیاند، ئەویش لەڕێگەی دابینکردنی پەیوەندی و خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت.

سەرۆکی دەستەکە عەلی موئەیید لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند" ژووری ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان کە بەمەبەستی سەرپەرشتکردنی تۆڕەکانی مۆبایل پێکهێنرا لە یادکردنەوەکەی شەهیدبوونی ئیمامی کازم (س.خ)، سەرکەوتنی بەدەستهێناو کارەکانی بە ڕێکوپێکی ڕایکرد.

وتیشی هەرچەندە سەردانیکاران ژمارەیان زۆربوو کەچی خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت وپەیوەندی بەجوانی بەڕێوەچوون.

دەستەی ڕاگەیاندن پێشووتر ڕایگەیاندبوو کە 78 تیمی هونەری پسپۆڕ کاردەکەن بۆ چاودێریکردنی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان لە ڕێوڕەسمەکەدا.

ئاماژەشی بەوەکرد کە 39 شانەی زیرەک و13 تاوەری چەسپاو ولەری نائاسایی دابینکراون بۆ بەرزکردنەوەی وزەی تۆڕەکاراکانی وڵات.